

## سومەییە قادر:

### یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# سەرکەوتنەکانم بۆ پاڵپشتیی خێزانەکەم دەگەڕێنمەوە

تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، زۆربەی یاریزانەکانیشی لە یارییە جیاوازەکاندا لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن و ململانێی یانە گەورەکانی عێراق دەکەن، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە (سومەییە قادر)ە کە لەگەڵ یانەکەی خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە و پێشتر بۆ یانەکانی سیروانی نوێ و هەولێر یاری کردووە، لە یاریی تۆپی پێ بۆ هەریەك لە یانەکانی سەورە و بیلادی و سیروانی شارەزوور و هەڵبژاردەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووە، ئێمەش چەند پرسیاریکمان لەسەر ژیانی وەرزشیی لێ کرد، ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی
فۆتۆ: ئیبراهیم یەشار

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییەدا چۆن بوو بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وەرزش بووە، بەتایبەتی یاریی تۆپی پێ، کە منداڵ بووم بەردەوام لەگەڵ براکانم و کوڕانی کۆڵانەکەمان یاریی تۆپی پێم دەکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حەز و خولیای وەرزش لە ڕۆحمدا گەشەی دەکرد، دواتریش توانای جەستەییم تاقیکرایەوە و لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان توانیم خۆم بدۆزمەوە و پەیوەندیم بە یانەیەکی وەرزشییەوە کرد.

*** وەك کچە وەرزشکارێك هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- بەدڵنیاییەوە گۆڕەپان و مەیدان یارییەکی قورسە و دەتوانم بڵێم لە زۆربەی یارییەکانی دیکە ماندووبوونی زیاتری دەوێت، بەڵام خۆشەویستیم بۆ یارییەکە و دڵسۆزیی ڕاهێنەر و هاوڕێ وەرزشوانەکانم وای کردووە کە هەست بە قورساییەکە نەکەم، بێگومان هەموو یارییەکیش قورسە و ماندووبوونی دەوێت، بەڵام ئەوەی وادەکات ماندووبوونەکان لە بیر بکەین، خۆشەویستیی خودی کەسەکەیە بۆ ئەو یارییەی هەڵیبژاردووە.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەداخەوە یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان زۆر پشتگوێ خراوە، ئێمە تەنیا دوو یانەمان هەیە کە یاریی گۆڕەپان و مەیدانی لەخۆ گرتبێت، ئەوانیش پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێن، بەهۆی ئەوەی کە لە کوردستان ڕکابەرییەکە بەتەنیا لە نێوان دوو یانەیە، بۆیە ساڵانێکی زۆرە پاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان بۆ گۆڕەپان و مەیدان ئەنجام نەدراوە، بەشداریکردنی ئەو دوو یانەیەش تەنیا لە پاڵەوانێتی یانەکانی عێراقە کە خۆشبەختانە ساڵانێکی زۆرە توانیومانە ببینە پاڵەوانی یانەکانی عێراق.

*** بۆ ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- لە سەر ئاستی کوردستان گرنگیی زیاتر بە کردنەوەی پاڵەوانێتی بدرێت، یاریگای تایبەت بەم یارییەش بکرێتەوە.

*** بۆ کچە وەرزشکارەکانی ئەم یارییە پێتوایە دەبێت چی بکرێت؟**

- لەلایەن یانەکان و بەرپرسانی وەرزشییەوە پشتگیری زیاتر بکرێن و زیاتر گرنگی بە تواناکانیان بدرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن.

*** وەکو وەرزشکارێك هیوا و ئاواتت چییە؟**

- دەمەوێ ببمە یاریزانێکی بەتوانا بۆ ئەوی لە داهاتوودا بتوانم ڕاهێنەرایەتی تیپێکی کچان بکەم و ئەنجامی باش بۆ شارەکەم بەدەست بهێنم.

*** ئەنجامەکانت لەگەڵ یانەو هەڵبژاردەکان تائێستا چۆن بووە؟**

- لە قوتابخانە یاری تێنس و تۆپی دەست و تۆپی پێم کردووە و پلەی یەکەم و دووەمم بەدەست هێناوە، هەروەها یاریزانی تۆپی پێم لە هەڵبژاردەی عێراق و لە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ ئەو هەڵبژاردەیە لە وڵاتی قەتەر بەشداریی پاڵەوانێتیەکمان کرد، جگە لەوەش لەسەر ئاستی هەردوو یارییەکە (گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی پێ ) بۆ چەند یانەیەکی کوردستان و عێراق یاریم کردووە.

*** وەرزش و خوێندن لە یەك کاتدا گرفتت بۆ دروست ناکات؟**

- بە دڵنیاییەوە قورسە لە یەك کاتدا هەم بخوێنیت و هەم یاری بکەیت، بەڵام تا ئەم کاتە توانیومە کات بۆ هەردوو بوارەکە دابین بکەم و سوپاس بۆ خوا سەرەڕای هەندێك ئاستەنگ توانیومە هەم لە خوێندنەکەم و هەم لە یارییەکەم سەرکەوتوو بم.

*** لەلایەن خێزانەکەتەوە هیچ ڕێگرییەك نەبووە لە وەرزشکردنت، ئایا وەکو پێویست پشتگیریت دەکەن؟**

- هەمیشە وتوومە لە دوای خوای گەورە خێزانەکەم گەورەترین پاڵپشتم بوون لە وەرزشکردن، من بەهۆی هاندان و ستایشی ئەوان بەم ڕۆژە گەیشتوم و هەموو ئەنجام و سەرکەوتنەکانیشم دەگەڕێنمەوە بۆ پاڵپشتیی خێزانەکەم، بەتایبەت دایکم کە هیچ کات ڕێگری نەکردووە لە بەردەم ئارەزووەکانم و هەموو کات سوپاسگوزاریم.

*** لەکۆتاییدا چ شتێکت ماوە بیڵێی؟**

- دەستخۆشی لە گۆڤارەکەتان دەکەم کە بەردەوام هاوکاری وەرزشوانانن لە ناساندنی تواناکانیان بە کەسانیتر، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم، نموونەتان زۆر بێت، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە بەردەوام پاڵپشتی من بوون بۆ بەرەوپێشچوونم، سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە هەمووکات هۆکاری سەرکەوتنەکانم بوون.

# مۆرینهۆ باسی چۆنییەتی راگرتنی میسی دەکات

خۆزێ مۆرینهۆی راهێنەری پورتوگالی بابەتێکی شرۆڤەکاری، کە لە ماڵپەری مارکای ئیسپانیا بڵاوکردەوە لەسەر بۆچوونی خۆی لە بارەی شێوازی راگرتنی لیۆنێل مێسی.

خۆزێ مۆرینهۆ پێشتر لەگەڵ یانەکانی ئەنتەر میلان و ریال مەدرید رووبەڕووی لیۆنێل مێسی بۆتەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت: راگرتنی مێسی کارێکی ئاسان نییە، تۆ ناتوانێت بە تەنیا یاریزانێك چاودێری مێسی بکەیت و رایبگریت.

بۆ یارییەکەی قۆناخی پێشکۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە نێوان هەردوو یانەی لیڤەرپوول و بەرشلۆنە، مۆرینهۆ پێشنیاز بۆ یۆرگن کلۆپ راهێنەری یانە ئینگلیزییەکە دەکات پێویستە مێسی بخاتە نێو قەفەس.

مۆرینهۆ دەڵێت: کۆنترۆڵکردنی مێسی زەحمەتە، ناکرێت پلانی تاك بە تاك لەگەڵ مێسی پەیڕەو بکەیت، چونکە ئەگەر تۆ بە تەنیا بتەوێت ئەرکی راگرتنی مێسی لە ئەستۆ بگریت ئەوا تۆ مردوویت، بۆیە کارێکی خۆکوژییە ئەگەر بتەوێت بەرامبەر مێسی پلانی تاك بە تاك جێبەجێ بکەیت، چونکە هەر یاریزانێك بە تەنیا بیەوێت بەرەنگاری مێسی بێتەوە، ئەوا مێسی لەو شوێنەدا زۆرترین تۆپی دەستدەکەوێت.

مۆرینهۆ دەشڵێت: کلۆپ ئەگەر بیەوێت خۆی لە مەترسییەکانی مێسی بەدووربخات، دەبێت مێسی بخاتە نێو قەفەسێك و بە یاریزان دەورەی بدات.

لیۆنێل مێسی کاپتنی بەرشلۆنە، لە ئێستادا سەرکردایەتی یانەکەی کردووە بۆ گەیشتن بە قۆناخی پێش کۆتایی خولی یانەکانی ئەوروپا، مێسی بە ١٠ گۆڵ پێشەنگی گۆڵکارانی پاڵەوانێتییەکەی گرتووە، لە دوایین یاریش لە کامپ نوو بە تۆمارکردنی دوو گۆڵ هیوایەکانی مانچستەر یۆنایتد لە گۆڕنا.





# هیگواین لە جەماوەری چێڵسی نیگەرانە

گۆنزالۆ هیگواین، هێرشبەری ئەرژەنتینی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، لە لێدوانێکدا بۆ تۆڕی ئی ئێس پی ئێنی بەریتانی، رایگەیاند لە لەندەن ناوێرێ لە ماڵی خۆی دەربچێت لە ترسی جەماوەری چێڵسی.

هیگواین، کە یاریزانی یانەی یوڤانتوسی ئیتاڵییە و ئێستا بەشێوەی خواستن یاری بۆ چێڵسی دەکات، باس لە بارودۆخی خراپی خۆی لە لەندەن دەکات و دەڵێت: لە ترسی هاندەرانی چێڵسی ناوێرم لە ماڵەوە دەربچم، ئەوەندەی قسەی خراپ و ناشیرینم پێدەڵێن.

یاریزانی ئەرژەنتینی، هەروەها گوتی: لە ماڵەوە دەرناچم، دەرگای ماڵەکەم دادەخەم، نازانم بۆچی بەمشێوەیە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، خۆ کەسم نەکوشتووە، زۆر کەس هەن کاری زۆر خراپیان کردووەو بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕێن و کەسیش هیچیان پێناڵێت.

# گۆڵپارێزێک دەبێتە قوربانی زێدان



بە گوێرەی سەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئیسپانیا، ریال مەدرید بیر لە فرۆشتنی تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێز دەکاتەوە و بەردەوامی بە کایلۆر ناڤاس دەدات وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی.

رۆژنامەی لابرێتای ئیسپانی، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە زینەدین زێدان خۆی یەکلا کردۆتەوە بۆ وەرزی داهاتوو بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە گۆڵپارێزی کۆستەریکی کایلۆر ناڤاس دەبەستێت و کۆرتواش دەخاتە لیستی یاریزانە فرۆشراوەکان.

کۆرتوای گۆڵپارێزی بەلژیکی تەمەن ٢٦ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٨ لە یانەی چێلسی بە بەهای ٣١ ملیۆن پاوەند روویکردە ریال مەدرید و گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت.

کۆرتوا لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان بەشداری لە ٣٢ یاری کردووە و ٤٢ گۆڵی لێکراوە، ئەمەش ریکۆردێکی خراپە و نارەزایی لێکەوتۆتەوە و لەگەڵ هاتنی زینەدین زێدانیش بۆ ئەرکی راهێنەرایەتی ریال مەدرید کۆرتوا پەراوێز خراوە.

# رۆناڵدۆ داوای ٧ یاریزانی لە یۆڤانتوس کردووە



بە گوێرەی سەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئیتاڵیا، کریستیانۆ رۆناڵدۆ بەهۆی لە دەستدانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە یانەی یوڤێنتۆس نائومێد بووە، بۆیە داوای گواستنەوەی ئەستێرەی نوێ بۆ وەرزی داهاتوو کردووە و لەم پێناوەشدا ٧ یاریزانی بۆ ئالێگری راهێنەر پێشنیاز کردووە.

رۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵیا، ناوی لیستی داخوازییەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆی بڵاو کردووە، کە پێکهاتوون لە (مانۆلاس یاریزانی یۆنانی یانەی رۆما، ئیسکۆ یاریزانی ریال مەدرید، مارسێلۆی بەرازیلی، رافایل ڤارانی یاریزانی ریال مەدرید، فریدریکۆ کییزای ئەستێرەی یانەی فیۆرێنتینا، تانگۆی ندومبیلی ئەستێرەی یانەی لیۆنی فەرەنسا).

لە نێو لیستی داخوازییەکانی کریستیانۆ، ناوی جواو فیلیکسی پورتوگالی تێدایە، کە بە جێگرەوەی کریستیانۆ ناسراوە و ئاستێکی پێشکەش دەکات و لە لایەن یانەی مانچستەر سیتی هەوڵی زۆری بۆ دەدرێت.

# فوتساڵی چۆمان چاوی له مانەوەیه



تیپی تۆپی پێی فوتساڵی کچانی یانەی چۆمان ئەمساڵیش بە تیپێکی جیاواز لە یارییەکانی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان بەشداریی کردووە، ئەم یانەیە لە یارییەکانی رابردوو خاوەن ئاستێکی بەرز بووە، کچانی یانەکەش چاویان لەوەیە کە لە یارییەکانی داهاتوو ئەنجامی باشتر تۆماربکەن، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد راهێنەری تیپی فوتساڵی چۆمان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵیش بۆ ئەوە بەشداربووین کە لە خولی نایاب بمێنینەوە، چونکە یانەکەمان باری دارایی زۆر لاوازە، تیپێك لە قەزایەك بێت زۆر جیاوازە لەگەڵ تیپی پارێزگاکان، بەڵام لە چاو ئەو بارە داراییە خراپەی کە هەمانە، هێشتا ئاستمان زۆر باشە، هەرچەندە لەم خولە بڕیار درابوو هەر یانەیەك دوو یاریزانی دەرەوە بهێنێت، بەڵام ئێمە وەکو یانەی چۆمان نەماتوانی هیچ یاریزانێکی دەرەوە بهێنین، لە قۆناخی یەکەم تەنیا یاریزانێکی بیانی دەرەوەی عێراقمان هێنا، ئەویش بۆ قۆناخی دووەم جێیهێشتین، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خۆم ئەزموونی باشم هەبووە، لەگەڵ یانەکەمان هەوڵ دەدەین لە خولەکە بە هیمەتی یاریزانان و دەستەی کارگێڕیی یانەکە ئەنجامەکانمان باشتر بێت.» لەبارەی گرفتەکانیش مەزن گوتی: «بۆ مەشقکردن هیچ یاریگایەکمان نییە، لە کۆی ئەنجامدانی شەش یاری لە قۆناخی یەکەم هەموو مەشقەکانم لەسەر یاریگای چیمەنی دەستکرد ئەنجامداوە، هیچ هۆڵێکمان نەبینیوە، زۆر سوپاسی بەڕێوەبەری پەیمانگای پایتەختی ناحکومی دەکەم کە هاوکارمان بوون، لە رووی داراییەوە هیچ یاریزانێکمان مووچەی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە وەرزشمان خۆش دەوێ و یەك خێزانین بۆیە بەردەوامبین و هەموو هەوڵێك دەدەین، بۆ ئەوەی بگەینە چوارگۆشەی زێڕین و ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین.

# ئازاد هەمزە ئامادەیە بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان

دوای ئەوەی ئازاد هەمزە لە ماوەی رابردوو توانی لە پاڵەوانێتی جیهانی نوفیس لە یاری لەشجوانی کە لە وولاتی دانیمارك ئەنجامدرا، پلەی یەکەم لە کێشی ١٠٠کگم بەدەست بهێنێت، ئێستاش لە ئامادەکاریی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو ئەنجامی گەورەتر لەسەر ئاستی جیهان بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە ئازاد هەمزە پاڵەوانی لەشجوانی لە قەزای خەبات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» لە ئامادەکارییەکانم بەردەوامم، بۆ ئەوەی بتوانم جوانی و ئاستی خۆم بپارێزم بۆ بەشداری کردنم لە پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو».



گوتیشی : لەگەڵ ڕاهێنەرەکەم ئەحمەد ئەحمەد لە سەر هێڵم بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانێتیەکی جیهانی بکەم، چاویشم لەوەیە ریکۆردێکی جیهانیی تازە بشکێنم، ئێستاش لە چاوەڕوانیی ڕاهێنەرەکەمم بۆ ئەوەی ناوی یەکێك لە پاڵەوانێتیە جیهانییەکانم بۆ بنێرێت، بۆ بەشداری کردن، منیش ئامادەکاریی زیاتر دەکەم بۆ ئەوەی بۆ گەشت کردنم بە شێوەیەکی تەواو ئامادە بم»، ئازاد هەمزە نەیشاردەوەکە بۆ سەرجەم بەشداری کردنەکانی لە پاڵەوانێتیەکان پێویستی بە توانای داراییش هەیە، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئامادەکاریی پێویست بکات، گوتیشی: «چاوم لەوەیە دڵی سەرجەم هاندەرانم خۆشبکەم و بتوانم ئەنجامی گەورە تۆماربکەم.



## جەرجیس رەشید چاوی لە رێکۆردی تازەیە

جەرجیس رەشید یاریزانی شناولێدان و خاوەنی دوو ریکۆردی جیهانی ئێستا لە ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکی جیهانیدا لە سەر ئاستی گینس لە وولاتی ئەڵمانیا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی ریکۆردی تازە بشکێنێت، جەرجیس دەیەوێت بۆ شکاندنی ریکۆردی نوێ لە پاڵەوانێتییەکانی جیهانی جارێکی دیکە چانسی خۆی تاقیبکاتەوە، لەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو پاڵەوانێك سوپرایزی گەورەم بۆ هەموو عێراق هەیە، دەمەوێت کارێك بکەم کە تاکو ئێستا هیچ کەسێك ئەنجامی نەدابێت، ریکۆردی جیهانیی گینس لەسەر ناوی خۆم تۆماربکەم، لە مانگی پێنجی ئەمساڵ لە دوای مانگی رەمەزان بەشداری کێبڕکێیەك دەکەم، ئەم جارەش هەر لە یاریی شناولێدان بەشداری دەکەم، کە ٥٠ ساڵە هیچ کەس نەیتوانیوە ئەو ریکۆردە بشکێنێت، من دەمەوێت لە ماوەی بیست خولەکدا هەزار شناو لێبدەم، هەشتا شناو لە یەك خولەکدا لێبدەم و بیست کیلۆ لەسەر پشتم دابنێم» لە بارەی پشتیوانی کردنیشی وەکو یاریزانێکی کورد گوتی: «محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هاوکاریم دەکات دەمەوێ ریکۆردی Kingpushups لە مێژوودا لەسەر ناوی خۆم تۆماربکەم» هەروەها گوتیشی: «حکومەتی فیدراڵی بەڵێنی هاوکاری کردنی پێ داوم، بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی دڵخۆشکەر